www.kurdistannet.org
27-9-2006 7:09بەکاتی ناوەندی ئەوروپا
www. kurdland. com/said

# لەتێکۆشانی ڕۆژانەی سیاسیدا بە پێی ئوسول وپرنسیپ، پێویستە پەسند کراوەکانی کۆنگرە وەک ئەسڵ و بنەمای خەبات بەڕێوە بچێت. وەڵامێک بۆ کابرای پشت پەردە ... سەعید کاوە (کویستانی)



لە ڕێکەوتی2006/8/18 بەقەولی کورد گوتەنی: زمانم سووتا لە باری ئوسوڵیی بەڕێوە بردنی پێڕەوی نێوخۆ شتێکی دووسێ لاپەڕەم لە ژێرنێوی"بەپێچەوانەی سەردەمی نوێوگلوبالیزم" نووسی. نووسراوەکە ئاماژە بە پاراستنی یەکێتی و تەبایی وئوسوول و پرنسیپ و بەڕێوە بردنی پەسند کاوەکانی کۆنگرە دەکات. بە بڕوای من باسی شتی ئاوا، جگە لەوەی یارمەتی دەریکە، هیچ زیانێکی سیاسی تێدا نابینم و پێم وایە لە دوژمنانی کورد بەولاوە کەسێکی‌تر لە شتی ئاوا هەڵنابەزێتەوە

لەورێکەوتەوە کە ئەو نووسراوەم بڵاو کردۆتەوە، هەر ڕۆژێ بە نێوێکی ساختەچیانەی وەکوو: حەمەگاوان، مامە هۆرتك، مام ڕەسو، بەتێکخستنەوەی تەوهین و بوختانی درۆ و دەلەسە، نیەتی... خۆی لە سەر سایتەکان بەیان دەکات. سەیر ئەوەیە لە بەر بی غیرەتی و بێشەهامەتی، خۆی دەشارێتەوەو نێوی خۆی نانووسێ!

ئەو جاریش لە ژێر پەچەیەکی‌تر ڕووی خۆی لە کوردستان نیت دا شاردۆتەوە، لە ژێرنێوی (ئەندامی دڵسۆزی چیزب!!) بە دەرگایەکی تردا تیرە کوێرەی خۆی داوێ. بەخیاڵی خۆی دەیەوێ ڕێبەرایەتی هەڵبژاردەی یاسایی کۆنگرەی ١٣ لە من بڕەنجێنێ. بێخەبەر لەوەی کە من کوردایەتێ خۆم دەکەم و منەتم بە کەس نییەو دژایەتێش لە گەڵ کەس ناکەم. لە مێژ ساڵیشە مەیدانی خەباتم بەجێ هێشتووە، وازم لە هەر جۆرە بەرپرسیاریەتیەك هێناوە. هەر نووسراوەکانی بیست ساڵەی ڕابردووی سەرسایتەکەم کە یەك هەزارمی ئەرکی سەرشانی ئەندامێکە، نیشانگەری دڵسۆزی چلۆنایەتی و چەندایەتی من بەگەل و حیزبە. پێویستی نە دەکرد زەحمەت بکێشی بە نێوی دڵسۆزێکی حیزب تۆوی دووبەرەکی بچێنی، ئەگەر دڵسۆزە بانێوی خۆی بنووسی.

پێموایە تۆ هەرکەسێك هەی و هەرکەسێك هانت دەدات، بێشك بەڕێگای خوارو خێچدا ڕێنوێیت دەکا کەلە دژی من شت بنووسی. تۆ ناتوانی زەڕڕەیەك خۆشەویستی من بۆ حیزب و گەل کەم کەیەوە.

من هەمیشە گوتومە و بۆ وەی تۆش بچێتە گوێت پێت دەڵێم:

مرۆڤی ڕووناکبیر ئەندامی هەر ڕێکخراوێك بێت دەبێ ئایننامە، یان پیرەوی ئەو ڕێکخراوەی کاری تێدا دەکات، یان دەیەوێ کاری لەگەڵ بکا، پێشەکی دەبێ بەرنامە و پێڕەوی ئەو ڕێکخراوە بخوێنێتەوە و ناوەرۆك و یاسا و جۆری ئەرك و کاری هەڵسەنگێنێ و لەگەڵ جیسم و دەروون و بۆچوونی خۆی براورد بکات، بۆ ئەوەی بزانێ داخوا دەتوانێ کار لەو جێگایە بکات؟ ئەو جار بە گوێرەی لێکۆڵینەوەیەکی کە لە سەر بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی ئەو ڕێکخراوە کردوویە، لە خۆکێشانەوە یان دەست بەکار کردن، بڕیاری خۆی بدات.

نمونێك: مرۆڤ کاتێك وەك کرێکارێك بۆ ژیانی ئاسایی خۆی دەچێتە کومپانیایەك بۆ وەرگرتنی کار، پرسیار نامەیەك وەردەگرێ و پڕی دەکاتەوە، هاوکات ئایننامە یان بەرنامەی کاریش وەردەگرێ بۆئەوەی بزانێ چ کاتێك لە ڕۆژ دا دەبێ کاربکات. خاوەن کار بە وردی لە یاسای کارو دیسیپلینی ئاگادار دەکات بۆ ئەوەی بەپێی یاسا لەو کومپانیایەدا هەڵسووڕێ و دیسپلین بپارێزێ.

ئەو جار لە باری سیاسیشەوە ڕووناکبیرێك یان کەسێکی خاوەن بیروباوە یاخۆ مرۆڤێکی نیشتمان پەروەر کە دەبینێ نەتەوەکەی لە ژێر زوڵم و ستەمدایە، بە ئەرکی خۆی دەزانێ کە وەسیلەیەك پەیدا

بکات و ئەرکی خۆی بۆ ڕزگاری نەتەوەکەی تێدا بەجێ بگەیەنێت. واتە: دەچێتە نێو گروپێك یا حیزبێك بۆئەوەی هەر خزمەتێکی لە دەستی هات ئەنجامی بدات. واتە: ئەو حیزبە بۆخۆی دەکا بەوەسیلە بۆ وەدەست هێنانی ئامانجەکانی و کاری تێدا دەکات. بەڵام لە بیرمان نەچێت ئەو حیزبە یان ئەو گروپەی بۆخۆی وەك وەسیلە هەڵی بژاردووە، پێویستە لە گەڵ سەلیقە و بیرو باوەر و بۆچوون و ئامانجەکانی بێتەوە دەنا هەر ڕەمەکی و بەپەلە وەك تۆ بچێت و ببێت ئەندام، نە بۆ حیزبەکەی و نە بۆ گەلە کەی خێر ناداتەوە. ئەگەر بە دڵیشی بوو، ئەو کات دەکەوێتە لێکۆڵینەوەو جستوجۆ تابزانێت ناوەرۆکی ئەو ڕیکخراوە کە بریتیە لە تاکتیکی کورتخایەنی ڕۆژانە و ستراتێژی نیهایی چییە؟ داخوا لە گەڵ ئەو هەدەفەی وەدوای کەوتووە دیتەوە و ئەو ئاواتەی خولیایەتی دەگونجێ؟

بۆ وەدەست هێنانی ئەو ئامانجە دەبێ بەرنامەی ئەو گرووپە یان ئەو حیزبە بەدەست بێنێ و بیخوێنێتەوە. واتە دەیەوێ و دەبێ پەیریزی بناغەی ئاواتی دوا ڕۆژی خۆی دابڕێژێ ئەو کات بە دڵوگیان دەست بەکار دەبێت. واباشە ئێمە لێرە دا حیزبێکی سیاسی بکەینە وێنە بۆ ئەوەی باشتر مەسەلە و مەتڵەبەکە هەللاجی بکەین.

یانی کاتێك بەرنامەی ئەو حیزبەی کە وەکوو وەسیلەیەکی سیاسی هەڵبژاردو بەدڵی بوو، داوای وەرگرتنی ئەندام بوون لەو حیزبە دەکات پەسندکردنی بەرنامە و پێڕەو مەرجی سەرەکی وەرگرتنە کە ببێت بەئەندام. کە بوو بەئەندام، دەبێ بە هەموو تواناوە بۆ وەدی هێنانی ئامانجەکان و پاراستنی یەکێتی سیاسی و تەشکیلاتی تێبکۆشێ و نهێنییەکانی حیزب بپارێزێ. ئەو مەرجانەی کە لە پێڕەو دا دیاری کراون دەبێ بە تەواوی وەبەر چاویان بگرێ. وەکوو: سەزادان سەرکۆنە بەدەم و بە نووسراوە. هەڵپەساردن، لێ ئەستاندنەوەی لێپرساوی، تەنانەت دەرکردن لە حیزب. ئەندام مافی خۆپالاوتن و دەنگدانی هەیە و کەمینە دەبێ پەیرەوی لە ڕێکخراو زۆرایەتی بکات. ئۆرگای خوارو دەبێ بڕیاری سەروو جێبەجێ بکات. بەرزترین ئۆرگانی حیزب کۆنگرەیە کە کۆمیتە ناوەندی هەڵدەبژێرێ و لە نێوان دوو کۆنگرە دا ئەو ناوەندە بڕیارە پەسندکراوەکانی کۆنگرە جێ بە جێ دەکات و...

ئەو وەسێلەی لە سەروو ئامازەی پێکرا کە حیزبە، بۆ وەدەست هێنانی ئاوات و ئامانجەکان هەوڵی خۆی دەدات و هەر بە چەند ساڵ جارێك بە وەبەر چاو گرتنی یاسای نیو حیزب کۆنگرە دەگیرێ و کەم و کوریەکانی بە پێشنیارو دەنگدان پەسند دەکرێت.

یاسا بەپێڕەوی حیزب نێو دەبرێ. ئەوەی بە کورتی ئاماژەیان پێکرا، لە ئەرکی پێ ئەسپێردراو تاسەزادان لەکاتی سەپێچی و هەڵپەساردن، دەرکردن، ڕەخنە قبووڵکردن بە شێوەی دێموکراتێك مل ڕاکێشانی کەمینە بۆدەنگی زۆرایەتی و... ئەوانەی کە زۆر بەکورتی ئاماژەیان پێکران، ئەلفو بێی سیاسین و ئەندامی هەر حیزب و گرووپێك لە هەر پلە و بەرپرسایەتیو مەقامێکدابێ، دەبێ بیزانێ و وەك ئەرکێکی پیرۆز پەیرەوی لێ بکاو بەڕێوەیان بەرێت. نموونێکی نوێ دێنینەوە:

ئێستا لە کۆنگرەی ١٣دا هەڵبژاردن کراوە، تاکتیك و سیاسەتی داهاتووی حیزب دیاری کراوە. ستراتێژی بە دەنگی زۆرینە گۆڕاوەو پەسند کراوە. ئەندامانی کۆمیتە ناوەندی هەڵبژێردراون، کۆمیتە ناوەندی دەفتەری سیاسی و سکرتێری گشتی هەلبژاردووە. کاریان بەسەر کۆمسیۆنەکاندا دابەش کردووە و کارو باری داهاتووی حیزب دیاریکراوە و کۆتایی هاتووە.

ئەو ڕیزە کارانەی باسکران، بە پێی یاسا، واتە پێڕەوی ناوخۆی حیزب ئەنجام دراون، ئیتر ئەو دەستە بەندیەی و ناتەبایی و دوو بەرەکییەی تۆ دیفاعی لێدەکەی، یاسا شێواندن و پێکهێنانی فیتنەیە ئایا وەڵام دەرەوەی سازدانی ئەو فیتنە و ناتەباییە کێیە و کێ وەڵامدەرو سووچدارە؟ تۆ پێتوایە؛ یاسا واتە (پێڕەو) تاوانبارە، یان هەر ئەو ئەندامانەی یاسای حیزبەکەی خۆیان پێ شێلدەکەن؟؟

داخوا ئەو وەزعەی پێكیان هێناوە لە پێڕەو پرۆگرامدا نووسراوە؟ ئەوەی كە بە دەنگی زۆرینە پەسند كراوە بەڕێوە دەچێت؟ بەپێی پێڕەوی كە كەمێنە دەبێ پەیرەوی زۆرێنە بكات، بەڕێوە دەچێت؟ یان كەمینە ملهوڕی دەكات و خەتی سووری بەزاندووە؟ تەنات زۆرینەش تاوانبار دەكات و پەسند كراوی كۆنگرەش پێشێل دەكرێ! بەپێی یاسا مەگەر نابێ پەسند كراوەكانی كۆنگرە بەڕێوە بچن وتا كۆنگرەیەكی دیكە یەكێتی ئۆرگانی بپارێزرێ و كەمینە ملكەچی زۆرینە بێ؟؟

داخوا لە ژێر پێنانی ئەو یاسا پەسند كراوانەی كۆنگرە ڕەوایە؟! یان سەزاواری سەزای هەڵپەساردن و تەنانەت دەر كردنیشن؟

سەرەرەڕای ئەوەی كەمینە لە دژی زۆرینە دەستەبەندی پێكهێناوە شتی دژ بە زۆرینەش لە نێوخۆدا نەماوە و بردراوەتە دەرەوەو لە كوچە و كۆڵان و دەرەوە و ژوورەوەی وڵاتیش بڵاو دەكرێتەوە! تۆ كە نێوی خۆت ناوە دڵسۆزی حیزب لە جیاتی ئەوەی بە نێوی خۆت دیفاع لە یاساكان و پەسند كراوەكان بكەی، نێوی خۆت دەگۆڕی وێڕای دژایەتی ئوسول، ڕۆژ نییە بە ڕازاندنەوەی درۆدەلەسە تەوهین بەمن نەكەی، من دەڵێم ئەرێ خەڵقوڵڵا ئێوە وەك ئەندامێكی حیزب، وەك دڵسۆزو نیشتمان پەروەر، بیری لێ بكەنەوە بزانن، ئەوەی پەیرەوی لە پێڕەوی ناخۆی حیزبەكەی خۆی نەكاتو بیخاتە ژێرپێ، بۆ لێبووردن دەبێ؟ یان سەزاواری ئەوەیە سەزای بۆ دیاری بكری؟؟

ئێستا مرۆڤی سیاسی و پەیرەوانی پرنسیپ و ئوسول، ئەو پرسیارە دەكەن: كەمینە بۆ پێی وایە دەبێ زۆرینە ملكەچی كەمینە بێ؟!

یان پێیان وایە؛ سیاسەتی ئەو ڕۆی جیهانی دەخوازێ كەمینە یاساو ئوسولی جیهان بگۆڕێ و جێگۆركێ بە زۆرینە و كەمینە بكات؟!

كە وابێ ؛ دەبێ ئوسوڵ جێگا چۆلكات بۆ ئانارشیزم و، پرنسیپەكان بكرێن بە تێكدەری، ڕاستی جێگای خۆی بدات بە درۆ، ڕاست قینە ببێ بە نێوگۆڕین بۆ بوختان هەڵبەستن وەكوو تۆ!!

هیوادارم تێگەیشبی و لەو ڕەوشتە ناشیرن و فاجیعە سازە واز بێنی و بە نێوی خۆت ڕەخنەو گازندەكان بنووسی و ئەو كات درۆش بۆ من هەڵبەستی وەدرۆت ناخەمەوە گردنت ئازا بێ.

٢٠٠٦/٩/٢٥